# ویستگەیەکی کەشناسی لەماڵەوە

لـەم سـەردەمەدا هۆکارەکانـی ڕاگەیانـدن وەك تیڤـی و ئەنتەرنێـت و مۆبایـل و ڕادیۆ..تـاد، زانیارییەکانی تایبـەت بـە کەش و هـەوا ڕادەگەیەنن. لەسـەر هـەر مۆبایلێك ئەپێکی تایبـەت بـە کـەش و هـەوا هەیـە کـە لـە بنکـە سـەرەکییەکانی تایبـەت بـە کەشناسـییەوە وەریدەگـرن. بـەڵام ئەگـەر هـەر لەماڵـەوە خـۆت وێسـتگەیەکی کەشناسـیت هەبـێ کـە هەرچی زانیارییـە لەبـارەی کەشناسـییەوە پێت ڕابگەیەنـێ!

ئامێـری جـۆری Tempest وێسـتگەیەکی گەرۆکـی کەشناسـییە، سـات بـە سـات لـە هەمـوو ئەگەرەکانی کەشناسـی ئـاگادارت دەکاتەوە. لە هەر سێ چرکەشدا نوێ دەبێتەوە.

خێرایـی بـا، هاتنـی بـا لـە چ ئاراسـتەیەکەوە، هاتنـی بـاران و پێوانـی ڕێـژەی بـاران بارینـی بـە وردی ڕادەگەیەنـێ هەروەهـا خێرایـی بارینەکـە لەگـەڵ ئـەو بارانـەی کـە کۆبۆتـەوە..

زانیـاری سـەبارەت بـە هـەورە بروسـکە و تریشـقە ڕادەگەیەنـێ و لـە نزیـك بوونـەوەی سـێڵاو و لافـاو ئاگادارتان دەکاتـەوە. بـە دوو جۆر پلەکانی سـەرما و گەرما دیـاری دەکا، پلەی ڕاستەقینە و هەروەهـا ئـەو پلەیـەی کـە مـرۆڤ هەسـتی پێدەکا.

ڕێـژەی نـەم و شـێ دەپێـوێ لەگـەڵ زەخـت و بەرزبوونـەوەی ئاسـتی ئـاوی دەریـا بـۆ ئـەو شـوێنانەی دەریـای لێیـە. لەبـارەی تیشـکی سـەرووی وەنەوشـی و ئاسـتی زیانەکانی تیشـکی خـۆر ئـاگادارت دەکاتـەوە. بـە کورتـی هەرچـی زانیارییـە لەبارەی کـەش و هـەوا هەیـە لـەو ئامێرە وەریبگـرە. ئامێرەکە بـۆ کارکردن لـە وزەی خـۆر و باتـری سـوود وەردەگـرێ کـە باترییەکانـی شـەحن دەبنـەوە.

سیسـتەمی وای- فـای هەیـە بـۆ ئـەوەی زانیارییەکان سات بە سات بۆ مۆبایل یا کۆمپیوتەر بگوازێتـەوە.




# کاتژمێری سمارت بۆ چاودێری منداڵان

کاتێك منداڵەکەت دەچێتە دەرەوە یان بەرەو قوتابخانە دەچـێ، یـا درەنـگ لەکاتـی خـۆی دەگەڕێتـەوە و نیگەرانـی و ترسـت بۆ دروست دەبـێ. بەتایبەتـی لـەو ناوچانـەی کـە ئارامـی و ئەمنییەتێکـی ئەوتـۆی تێدا نییـە.

تەکنەلۆژیـای نـوێ بـە بەرهەمهێنانـی ئامێرەکانـی دۆزەرەوە، جـا لـە شـێوەی میدالیـا یـا بـازن یـا کاتژمێردابـێ چارەسـەری ئەمـەی کـردووە.

کاتژمێـری سـمارتی جـۆری Xplora 2 یەکێکـە لـەم کاتژمێرانـە لەکاتـی خۆیـدا دەکـرێ وەك فریادرەسـی سەرپەرشتیارانی منداڵ سەیری بکەین.

دیزاینـی کاتژمێرەکە سـەرنج ڕاکێشـە، بەهۆی ئاپێکی تایبەتـەوە لەگـەڵ مۆبایـل پەیوەنـد دەدرێ، سیسـتەمی GPS و وای فـای هەیـە. بـێ سـیم کارت ئەنتەرنێت وەردەگرێ.

سەرپەرشـتیارانی منـداڵ دەتوانـن شـوێنی ڕۆیشـتنی منداڵەکـە سـنووردار بکـەن و بـۆ نموونـە ئەگـەر لـەو مەودایـەی بۆیـان دیاریکـردوون دەربـاز بـن وەك هێڵـی سـوور دابنـدرێ و زەنگـی هۆشـیارکردنەوە بـۆ سەرپەرشـتیارانی لێبـدات.

سەرپەرشـتیارانن پەیوەنـدی ڤیدیۆیـی بـە منداڵـەوە بکـەن و پێچەوانـەش، لـە کاتژمێرەکـەدا حاڵەتـی فریاکەوتـن هەیـە واتـە ئەگـەر منداڵەکـە هەسـتی بـە مەترسـییەك کـرد زەنگـی هۆشـیارکردنەوە بـۆ سەرپەرشـتیاران لێـدەدرێ..





# کامێرایەک بەقەد دەنکە زیخێک

ئەوەی لەو وێنەیە لە پەنا ئەو قەڵەمە دەبینین، پارچەیەك نییە لە قەڵەمەکە و لە پەنای داندرابێ، ئەوە بچووکترین کامێرایە لە جیهاندا. کامێرایەك بەقەد دەنکە زیخێکی بچووك.

کامێرای OmniVision OV6948 بچووکترین کامێرا تا ئێستا بەرهەم هاتبێ، بەڵام وەك کامێرایەکی بەهێز کار دەکا و وێنە بە کوالیتی ٤ گیگابایت دەگرێ. ئەم کامێرایە بۆ ئەوەی نییە کە وێنەی خۆتی پێبگری، بەڵکو بۆ کارئاسانییە لە ئەرکی پزیشکیدا.

کامێرای ناوبراو چونکە زۆر بچووکە دەکرێت لە سەری ئامرازەکانی نەشتەرگەری بخرێ و وێنە لەناو جەستەی نەخۆش بگرێ. پزیشکان بۆ کاری نەشتەرگەری زۆرتر لە ئەزموونی خۆیان و ئەو زانستەی هەیانە کاری نەشتەرگەری دەکەن، بەڵام بەهۆی ئەو کامێرایەوە دەکرێت بە وردی شوێنی نەشتەرگەرییەکە ببینن.



# سناپ چات و چاویلکەیەکی سمارت

سناپ چات snapchat هەرچەندە ئەپکەیشنێکی تایبەتی مۆبایلە کە هەزاران ئیفکتی تێدایە بۆ وێنەی سەرنج راکێشی راستەوخۆ.. بەڵام سناپ چات ئێستاکە کۆمپانیایەکە و بەرهەمی تایبەت بەخۆی هەیە. ساڵی رابردوو چاویلکەیەکی سمارتی تایبەتی بەرهەمهێنا، ئەمساڵیش چاویلکەی سمارتی Spectacles 3 بەرهەم هێناوە. ئەم چاویلکەیە دەتوانێت وێنەی سێ رهەندی 3D بگرێت. خوێ دوو کامێرای لەسەرە یەکێکیان تایبەتە بە وێنەگرتنی ئاسایی ئەوەی تریان هی وێنەی سێ دەورییە. هەردوو کامێراکە دەتوانن فیلمی ڤیدیۆیی HD بە خێرایی ٦٠ فرێم لە چرکەیەکدا بگرن.

کامێرا 3Dەکەی لە چوار کامێرا پێکهاتووە، پێکەوە کارکردنی هاوکاتی هەر چوار کامێراکە وا دەکات وێنەیەکی سێ دەوری دروست ببێت. میمۆری ناوخۆی ٤ گیگابایتە. دەتوانرێت سەد ڤیدیۆ و زیاتر لە هەزار وێنەی بە کوالیتی زۆر بەرز پێبگرێت.

چوارچێوە قایشیەکەی چاویلکەکە رۆڵی شەحنکەرەوش دەبینێت. لە ماوەی ٧٥ خولەکدا چاویلکەکە شەحن دەکاتەوە.



# کۆداکۆپتەر بۆ ژێر ئاو

کۆداکۆپتەر یا فڕۆکە بچووکەکان بۆ ئەرکەکانی فیلم هەڵگرتنەوە بەڕاستی گۆڕانکارییەکی جیدیان دروست کردووە، پێشووتر بۆ هەڵگرتنەوەی فیلم و وێنە لە بەرزایی را دەبا لە هلی کۆپتەری تایبەت سوود وەرگیرابا کە تێچوویەکی یەکجار زۆری هەبوو، بەڵام فڕۆکە بچووکەکانی فیلم هەڵگرتنەوە ئەم کارەیان ئاسان کردۆتەوە. بۆ هەڵگرتنەوەی فیلم لە ژێر دەریا و ئاودا کۆداکۆپتەرەکان گونجاو نین، بەڵام کۆداکۆپتەری تایبەت بە ژێر ئاویش بەرهەم هاتووە، ئێستا بەکارهێنەری ئاسایش دەتوانێت بزانێت لە ژێرئاودا چ دەگوزەرێ و گیاندارانی ژێر دەریا ببینێ و فیلمان لێهەڵبگرێتەوە.

کۆداکۆپتەری ژێردەریایی جۆری Chasing Dory Re-view یەکێکە لەم ئامێرانەی فیلم هەڵگرتنەوەی ژێر ئاو.

دەتوانێت هەتا ١٥٠ مەتر بچێتە ژێر ئاوەوە و لەوێوە فیلمی فوول ئیچ دی بگرێ. لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و لە ژێر ئاوەوە ڕاستەوخۆ فیلمەکان بۆ مۆبایل دەگوازێتەوە.

دەتوانێت دوای دیمەنی جوڵەدار بکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر بتهەوێ فیلم لە گیاندارێك ناو دەریا هەڵبگریەوە. پێنج ماتۆری لەسەرە. کامێرایەکەی سەری زوومێکی بەهێزی هەیە.

کێشێکی کەمی هەیە کەمترە لە کیلۆیەکە. قەوارەکەشی ٢٥ لە ١٨ سانت دایە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، کام وێبگەڕ بۆ کردنەوەی ماڵپەڕەکان خێراتر و باشترە؟

خوێنەری بەڕێز هەرکام لە وێبگەڕەکان وەك (گوگل کرۆم، فایرفۆکس، ئینتەرنێت ئیج، ئۆپێرا...تاد) تایبەتمەندی خۆیان هەیە، هەیانە لەلایەنێکیدا سەرکەوتووە و لەلایەنێکیدا باش نییە، بۆ نموونە (internet edge) پێویستی بە فلاش پلەیەر نییە، گوگل کرۆم و فایرفۆکس، زۆر لێك نزیکن و خێران.. زۆربەی خەڵك کرۆم بەکار دێنێ، چونکە لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی خۆی باشتر دەگونجێ، ئۆپێرا گەرچی کەم کەس بەکاری دێنێ لە بواری ئەمنییەتییەوە زۆر بەهێزە.. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر خۆت کە کامەت پێباشە. جیاوازییەکی ئەوتۆ کە زۆر بەرچاو بێ لە نێوانیاندا نییە.

# تەبلێتێکی نوێ لە هواوییەوە

کۆمپانیای هواوی huwawe ئێستا لە ریزی کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ دادەنرێ. هواوی لەم ماوەیەدا نوێترین تەبلێتی خۆی بەناوی matepad pro بەرهەم هێنا.

تەبلێتی ناوبراو لە ریزی تەبلێتە ئاست بەرزەکانی وەك گلەکسی ٦ و ئایپادپرۆ دێتەژمار. شاشەکەی ١٠,٨ ئینجە. کوالیتی نیشاندانی زۆر بەرزە ٢٥٦٠ لە ١٦٠٠پیکسلدا. کامێرای پێشەوەی ٨ میگاپیکسلە و سپیکەرەکانی دەنگێکی بەهێزیان هەیە و چوار کەناڵەن.

رامەکەی ٨ گیگابایت و میمۆری ناوخۆی ٢٥٦ گیگابایتە. کێشی پرینتەرەکە ٤٦٠ گرامە و بارستاییەکەی ٧,٢ ملمە. کامێرای پشت تەبلێتەکە ١٣ میگاپیکسلە.






# گرنگترین پرۆگرامی ڤیدیۆیی ٢٠٢٠

بە سەدان پرۆگرامی تایبەت بە ڤیدیۆیی هەن، هەرکام لەوانە ئەرکێك یان چەند ئەرکی تایبەت بە ڤیدیۆ و فیلم ئەنجام دەدەن.

یەکێك لە بەهێزترین پرۆگرامەکانی تایبەت بە فیلم و ڤیدیۆ کە بە پرۆگرامی ساڵی ٢٠٢٠ ناسراوە، پرۆگرامی Wondershare UniConverterە. ئەم پرۆگرامە تەنیا ئەرکێك ئەنجام نادا، بەڵکو چەندین ئەرك پێکەوە، وەك گۆڕینی فۆرماتەکان، دەستکاری کردنی فیلم، دروستکردنی فیلمی گێف، فیلم خستنە سەر DVD و زۆر کاری دیکەش.

هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- گۆڕینی زیاتر لە هەزار فۆرمات بۆ یەکتر.
- ڕیپێر کردنی DVD و بلورەی.
- توانای دابەزاندنی ڤیدیۆی ئۆنلاین لە زیاتر لە هەزار ماڵپەڕ.
- گۆڕینی ڕاستەوخۆی فایلی ڤیدیۆیی بۆ فایلی دەنگی.
- تۆمارکردنی ڤیدیۆ لە دیسکتۆپ بۆ فیلمی فێرکاری.
- دانانی فیلمی ژێرنووس لەسەر فیلم...

# پرینتەر بەبێ گۆڕینی کاتریج

کارتریج (cartridge)ی پرینتەر بەو بەشەی پرینتەر دەگوترێ کە حیبری تێدایە، پرینتەر چ ڕەش و سپی بێ یا ڕەنگی پێویستە کارتریجی لەسەر دابندرێ.. هەر کارتریجێکیش بۆ چاپکردنی ڕێژەیەك وەرەقەیە. لە سەد وەرەقەوە هەیە هەتات پێنج هەزار و ڕەنگە زیاتریش..

حیبری پرینتەر واتە کارتریجەکەی لەبارەی تێچوونەوە گرانترین بەشی پرینتەرە، زۆر جار هەیە کارتریجێك تێچووەکەی زیاترە لە خودی پرینتەرەکە.

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای HP پرینتەرێکی بێ کارتریجی بەرهەم هێناوە. ڕەنگە بپرسن پرینتەر بەبێ حیبرێك دەبێت کۆتایی نەیەت؟ نەخێر ئاوا سادەش نییە. پرینتەری جۆری Neverstop لە ڕێگای سرنجێکی تایبەتەوە کە پڕ دەکرێت لە حیبر پڕ دەکرێتەوە. ئەویش تەنیا لە ماوەی ١٥ چرکەدا. هەرکاتێکیش پڕ کرایەوە دەتوانرێت پێنج هەزار لاپەڕەیەی پێ چاپ بکرێت.

پرینتەرەکە زۆرتر بۆ ئەو کۆمپانیا و نووسینگانە دەگونجێت کە نیازیان نییە هەر بە ماوەیەکی کەم کارتریجەکەی بگۆڕن. پرینتەرەکە ئەپێکی تایبەتی هەیە کە بەهۆیەوە دەکرتێ لە ڕێگای مۆبایل یا خزمەتگوزارییەکانی وەك، دڕۆپ بۆکس یا گوگل درایڤ ڕاستەوخۆ پرێنت بکەی.

پرینتەرەکە لە یەك کاتدا سکان و کۆپی کردن و پرێنتی بە شێوەی وایەرلەیس تێدایە..





# ماڵپەڕێک بۆ باش کردنی وێنەکان

گەلێك پرۆگرامی گرنگ و تایبەت هەن بۆ ئەوەی وێنە کۆن و کوالیتی نزمەکانیان پێ باش بکرێن، بۆ نموونە فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی.

ئەگەر بتەوێ بەبێ بوونی ئەو پرۆگرامە و خێرا و دەستبەجێ کوالێتی وێنەکانت بەرز بکەیەوە و تێکچوونی ڕەنگەکانی لابەری، دەکرێت سوود لە ماڵپەڕی /https://letsenhance.io وەربگری. ماڵپەڕێك تەنیا بە دانانی هەژمارێك بۆخۆت دەتوانی وێنە کۆن و کوالیتی نزمەکان بە یەك چرکە باش بکەی.

لەو ماڵپەڕەدا پاش دانانی هەژماری تایبەت بەخۆت کە دەکرێت لە فەیسبوکەکەشت سوود وەربگری، ئەو وێنانەی مەبەستن لە کۆمپیوتەرەکەتەوە بە مەبەستی دەستکاری دەخەیە ناو سایتی ناوبراو و ئەویش چەند نموونەیەکت دەداتێ لە نێوان نموونەکاندا یەکێکیان هەڵدەبژێری و پاش باش کردنی دەتوانی دایبەزێنیە سەر کۆمپیوتەرەکەت.